# گەشتی بیارە

فاتیح عەبدولکەریم

# گەشتی بیارە

هۆنراوەیەکی سەرپێییە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فاتیح عەبدولكەریم
گەشتی بیارە – شیعر
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٤
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ:٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٧١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیت لێدان: ئاریان ئەحمەد
رێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

## دوو وشەی پێویست

سەرەتــای شوبــاتــی ئــەمسالّ بــوو کــاکــە فــاتــیــحــم ئــەم پــارچــە شیــعــرەی خــۆی دواپــاکــنــووس کــردەوە و دایــە دەستــم چــی پــێویست بــێ بــۆ ئــەوەی بۆی بــەچــاپ بگەیەنم– بیکەم. شیعرەکە بەهۆی بارودۆخی جەنگ و پێش جەنگی وەك دەسگیر نەبوونی کاغەز و کارنەکردنی چاپخانە و لەکاروەستانی لایەنەکانی ڕێدانی لە چاپدانەوە لام مایەوە و هیچم بۆ پێ نەکرا. بەچاپ گەیاندنی لەسەر هەموو ئەو مەرجانە بەند بوو، یەکێکیان نەهاتایەتەدی کارەکە سەری نەئەگرت. تەنانەت ئەگەر لە چاپیش بدرایە، بلاّوکردنەوەی ئاسان نەبوو: ڕێگاوبان نەبوو، دووکان و بازاڕ نەبوو، لە هەموو خراپتر خوێندەوار دیار نەبوو بیخوێنێتەوە! تا کە چەردەیێ هەورەکە ڕەوییەوە و گەردەلوولەکە نیشتەوە و ئیفاقەیێ بۆ بارودۆخەکە هات و دەسنووس بۆ ڕوخسەتی لە چاپدان وەرگرتن پێشکەش کرا، لەپڕ دڵە ئاوەدانەکەی کاکەم بەو دەردی دڵەی کە ماوەیەك بوو گەمارۆی دابوو، لە لێدان کەوت و هەرچی ئاواتی گەشی گشتی و تایبەتیی سالاّنی ساڵی تیابوو و بە خوێنی جگەر ئاوی ئەدا و پەروەردەی ئەکرد و لە گرتووخانەی سەرشەقامی سلێمانیی ١٩٥٤ەوە تا زیندان و بیابانی نوگرەی ١٩٥٥–١٩٥٧ی بۆ چەشت و پاشتریش چەندین دەردی سەری تری بۆ کرا بەگەروودا، هەمووی لەگەڵ تەرمە لەڕ و لاوازەکەی خۆی هەڵگرت و بردیە بستێ گۆڕی تەنگ و تاری شێداری دراوسێی ئەبولوەفای نەقشبەندی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و دەیان ژن و پیاوی پیر و لاوی تری میوانی کۆن و نوێی غەوسی بەغدا. ئێستا کە من هەوڵی لە چاپدانی ئەم شیعرانە ئەدەم، قوڵپی گریان گەروومی گرتووە، بیر لەوە ئەکەمەوە کاکەم – کە ئەیزانی چەند لەگەڵ مەرگ دەستەویەخەیە و لەوانەیە ئێستا یا تاوێکی تر فروستادەی بێ بدا لە دەرگای دڵی – چەند بەئاواتەوە بوو تا سەری یەگجاریی نەناوەتەوە بە چاپکراوی ببینێ و بەدەس و پەنجە لەڕ و لاواز بووە بەلاّم لە

هەمان کاتا هێشتا کاراکانی، پەڕەکانی هەڵداتەوە و تەزوویەکی خۆشی و شادمانی بێ بە گیانیا.

کاکەم، ئەم ئاواتە شیرینەی لەگەڵ خۆی لە دووتوێی دڵە بەناکام ساردوسڕ بووەوەکەیا بردە ژێر خۆڵ، وەك چۆن ئاواتی تەواوکردنی ساغکردنەوە و لێکدانەوەی دیوانی سالمیشی بۆ نەهاتەدی کە بەدرێژایی ئەم ماوەی نەخۆشییەی، پاش ئەوەی باوکم ئەرکی خۆی تیا تەواوکرد، ئەویش خەریکی بەشە ئەرکی خۆی و خۆشکردنی ئەوە بوو کە باوکم کردوویە، تا پاش ئەو منیش نۆبەم بێتە سەر و بەشەکاری خۆمی تیا بکەم.

جا ئێستا کە پاش وەخت ئەم ئارەزووەی کاکەم دێنمەدی و ئەم پارچە شیعرەی بەم شێوەیە لەم نامیلکەدا بۆ بڵاو ئەکەمەوە، ئەمەوێ، وەك گیانی پاکی -بێگومان- بەم کارە شادمان ئەکەم، متمانەی ئەوەیشی بدەمێ کە هەر بەمەرجێ ڕووداوێکی لە سنووری دەسەڵات بەدەر لە قەڵەم و کاغەز و کتێبی بەردەستمم دوورنەخاتەوە، ئەوەندەی پێم بکرێ زوو بەتەواکردن و بڵاوکردنەوەی دیوانی سالمەکەیشی مژدەیەکی خۆش بە گیانی پاکی و بە خوێندەوارانی ئازیزیش ڕابگەیەنم.

خوا یار بێ.

محەمەدی مەلا کەریم

١٩٩١/٦/١

دیارییەکی دڵسۆزانەیە

* بۆ:

هـەموو کوردێکی دڵپاك.

هـەموو ئـەوانـەی زێدە و نـەتـەوەی خۆیـان خۆش دەوێ و ڕێزیش لـە هـەموو زێد و نـەتـەوەیەك دەگرن.

* بۆ:

کیژۆڵـەی نـازدار (بیـارەی)ی حـەمـەی برام.

**ف.ع.**

# پێشەکی

سەرەتای کانوونی دووهەمی ساڵی **١٩٨٩** لە بەغدا تووشی نەخۆشی دڵ هاتم، بەپەلەپرووزە دەرودراوسێ گەیاندمیانە خەستەخانەی (ابن النفیس). پێنج ڕۆژێکی لێ بووم و دەرچووم. دوای دوو ڕۆژ جارێکی تر تووش بوومەوە و برامەوە بۆ هەمان خەستەخانە. ئەمجارەیان نەخۆشی درێژەی کێشا و تا ٨-٢-١٩٨٩ کە لەوێوە گواستیمانەوە بۆ خەستەخانەی (ابن البیطار) لەو خەستەخانە مامەوە.

لەو ماوەیەدا کە لە (ابن النفیس) بووم، زۆرکەس لە دۆست و ناسراوی بەوەفا سەریان لێ دام. بینینی هەرکام لەمانە کۆڵی یادگاری لە گیانمدا دەبزواند و زیندووی دەکردنەوە. لە یەکێك لەو شەوە درێژانەی شوباتدا بوو کە بێجگە نەخۆشی، درێژیی شەوگار و چۆڵیی سامناکی دەوروپشت گەمارۆیان دابووم، بەدەم ئازارەوە و لە بەینی وریایی و بێهۆشیدا شریتێکی دوور و درێژی عومری ڕابوردووم هاتەوە بەرچاو، وەك خەوبینین چوومەوە بۆ جاران– شارەدێی (بیارە) و نەخۆشیم لەبیرچووەوە، کە ئەویش خۆی جۆرە نەخۆشییەکە.. ئەم گەشتە بیرێکی سەرپێییی زادەی ئەو ساتەیە.

کانوونی دووەمی ئەمساڵیش، واتە ١٩٩٠، کە خوا (بیارە)ی نازداری بەحەمەی برام بەخشی، ئەوە زیاتر هانی دام ڕەشنووسەکەم پاکنووس بکەمەوە و بیخەمە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیز.

شایانی وتنە گەشتەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دواساڵەکانی چلەکان. ئیتر من حەقم بەسەر ئەوەوە نییە کە ئەو ڕێگەوبان و دیمەنانە کە لەم گەشتەدا ناویان دێت، ئێستا گۆڕابن، ڕێگای ئۆتۆمۆبێل بۆ ئەو ناوە چووبێ، یا ڕێگایێ کوێر بووبێتەوە، یا شوێنی چاخانەیەك گۆڕابێ یا هەر نەمابێ.

من ئەوانم لە یاددا جێگیرە کە ئەوسا بوون و تیایاندا ژیاوم. ئەوەیش بزانن کە من لە سەرەتای ١٩٥٠وە لەوێ نەماوم و بۆیشم نەلواوە جارێکی تر بگەڕێمەوە و سەرێکی ئەو ناوە بدەم.

داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

فاتیح عەبدولکەریم

بەغدا. سەرەتای شوباتی ١٩٩٠

قیبلەم گەشتێکە، قیبلەم گەشتێکە
پاش چل ساڵ غوربەت خەونە گەشتێکە

بۆ زێدی دڵگیر، بۆ بەهەشتێکە
بۆ لووتکەی چیا، بۆ پێدەشتێکە

بۆ جێگایەکە عومری منداڵیم
تەمەنی گەنجی و دەمی دڵقاڵیم

لەوێ بەسەرچوو، هەموو گیان هیوا
ئاسۆی ئاواتم نەدەبوو ئاوا

جێی حەسانەوەم حوجرەی فەقێ بوو
لەگەڵ هەڤاڵان دەمەتەقێ بوو(١)

بۆ (بیارە)یە گەشتی ئەمجارەم
کە پەروردەی ئەو شاخ و بنارەم(٢)

دوولا چیا ناو دۆڵ و دار سەد تەرز
لای سەروویش شاخی (هەورامان)ی بەرز(٣)

دوانیش دەشتی بەر فراوانە
بەهەشتی خوایە ئەم کوردستانە

وەسپی کوێت بکەم گشت لا گوڵستان
بەسە بۆ جوانیت ناوی (کوردستان)

بەهارە دەشت و دەر لالەزارە
گوڵاڵەی زەوی هەڵاڵەی دارە

لەهەر لا کانی و ئاوە دێتەدەر
کەفی زیوینە دەکەوێتە سەر

بەفرە بەفراوە هاژەی شەتاوە
بەستەڵەك ڕاکە تاوی هەتاوە

زەوی لایەك سوور، لایەك زەرد و شین
هەرچی دەبینی دەم بەپێکەنین

سروشت کە تارای بووکیی پۆشیوە
هەموو لای ڕەنگین، ئەمدیوەودیوە

چریکەی بولبول، پێکەنینی گوڵ
پەپوولە دەفڕێ لەم چڵ بۆ ئەو چڵ

نێرگسی چاومەست، وەنەوشەی بۆنخۆش
هەڵاڵەبرمەی گریاوی سەرخۆش[٤]

پەڵە پەڵەی هەور، ڕەش و سپی و شین
گرتوویە باوەش ئاسمانی نەخشین

هەموو شت نازدار، هەمووشت جوانە
تابلۆی ڕەنگینی دەستی یەزدانە

فەقیانەکانم دا بەسەر شاندا
چاکی کەوام کرد بە لاگیرفاندا

لای خەو مەسافە، دووری و نزیکیی
ڕۆژ و ڕووناکیی، شەو و تاریکیی

شاخ و یاڵ و دەشت، وشکان و چەماو
ڕێگای ڕاست و پان، ڕێی خوار و ڕووخاو

مێگی سۆڤیەتی، سووپەری ژاپۆن
کەری پیاوچاکان، هەموو هەر یەکن

خەیاڵرابەرە خەیاڵ هەڵگرە
خەیاڵ دابەزێن، خەیاڵ هەڵبڕە

بە باڵەمەلە، بەهەوای سافا
بەشوێنەواری عیلاتی جافا

بەرەو (هەڵەبجە) باڵم گرتەوە
بەباڵ گرەوم لە مەل بردەوە

گەیشتمە حەوشەی (مزگەوتی پاشا)
پاش جەماعەتی نوێژەکەی عیشا(٥)

کۆمەڵی شەوی جومعەی بێ خەم بوو
دۆست و برادەر گشت لەوێ جەم بوو

گەڕەلاوژێ، یا دەمەتەقێ
نوکتە و قسەی خۆش لە حوجرەی فەقێ(٦)

لە هەموو لاوە جەماعەت جەم بوو
تەنیا هەر منی نامۆیان کەم بوو

لای فـەقــێ شەوی جـومـعـە و سێشەممە
تــەرخــان کـراوە بـۆ گـاڵـتـە و گـەمـە

ئــەو شەوە تــا خــەو دای بــەسەرمــانــا
بـەزم و یـاری بـوو و نـوکـتـەی پـڕمـانـا

نـەك حـەوشی مزگەوت یـا تـەنیـا حوجرە
بــوویــوو بــە هــەرا ئــەو دەوروبــەرە

نـە پـارە و پـوولـە، نـە سەرمـایـەی دەس
نـە کـەشتیـی خنکـاو بـە بـێ فـریـاڕەس

خــۆیــەتــی و سکــی و دەرزی ڕۆژانــە
لــە فــەقــێ نــایــێ بــنــەبـۆژانــە

خــەم و خــەفــەتــێ بــبــێ لــەوێدا
بــۆ ئــەوکــەسەیــە کــە دڵــی لــێ دا

بـە دەردی عـیشقـی ئـەگـریـجـە خـاوێ
ئــارامــیــی دڵــی بـۆ نـەبـێ تــاوێ

سەرەتـای گـەشتـم لـە (هـەڵـەبـجـە) بـوو
کـە لانـەی شۆخـی و لارەولـەنـجـە بـوو

دوای حــەسانــەوە بــە یــادی جــاران
کــاتــێ تــەواو بـوو دیـداری یــاران

مــاڵاوایــیــم کــرد لــە دۆست و بــرا
لــە ئــەهـلـی گـەڕەك، لـە فـەقـێ و مـەلا

پـێش ئـەوەی کـەوا مـزگـەوت جـێ بـێڵـم
بـیسمـیـلـلا دەس کـەم بـە گـەشت و گـێڵـم

تــاویٚ چــوومــە سەر ئــاو و حــەوزەکــەی
دەمـــوچـــاوم شت، تـــێر وتم ئــۆخـــەی

بــەرەو لای (عــەنــەب) ڕێگــام گـرتــەبــەر
تــێر دەمــڕوانــیــە شاخ و دەشت و دەر[٧]

بـــەدەم ڕێگـــاوە، دڵ دوور لــــە ئـــازار،
بــە یــادی جــاران، بــۆ خــۆم جـاربـەجـار

دەمچڕی بەستەی (ئای ئای) و (قەتار)
(ئای غەریب مەڕۆ)، (هۆ خاڵۆی ڕێبوار)

گــۆرانــیــی بــاوی ئــەو خــاك و بــوومــە
کــە لــە نــاو خــەڵـکـا بـاوە و بـیستـوومـە

هـیـی حوجرەی فـەقێی ئـەمدیو و ئـەودیو
بــیٚ پشوو دەمــوت لــە بــەرزی و نشیــو

لای ڕاستــی ڕێگــا، نــەختــیٚ بــەرەوژوور
(عــەبـابــەیلــیٚ) بـوو، دیـار بـوو لـە دوور[٨]

پـاش دووەم جـەنگی گـەورەی جیـهـانی
لــەویٚ فــەقــیٚ بـووم لـە تـافـی جـوانـی

دامـــە بـــەر نـــەزەر سەر و خـــواری دیٚ
هـــەر لــە (شەخسی)وە هــەتــا (شنــرویٚ)[٩]

تـا چـاو بـڕ بـکـا و تـا چـاو بـبـیـنـیٚ
نــەمــدەهــێشت ون بــیٚ لــەچـاو دیمەنــیٚ

بــانـــی شنـــروێی تـــاجـــی (شارەزوور)
نـەوەی بـچووکی (شاهـۆ)ی کۆگای نـوور

بـــۆ وەرزی بـــەهـــار هـــەوارێ بـــەرزە
لـــووتـکـــەی بـــەفـــریـــن و داوێـنـــی سەوزە

(شەخسی) مـــەزاری (عـــەبـــابـــەیـلـــێ)یـــە
هـــەواری مـــەجـنـوون، گڵـكـۆی لـەیـلـێیـە[١٠]

قـەبری خـودانـاس، هـیـیـی مـیللەت پـەروەر
ئـارامگـای فـەلـلاح، هـیـی پـاڵـە و ڕەنجبـەر

هـــەمـــوو لـــەوێدا پـــاڵـــیـــان لـــێ داوە
بـــە ئـیـنـتـیـزاری ڕەحـمـەتـی خـواوە

دەزانـــی (شەخسی) کـێـی لـــێ نـێژراوە؟
ئـــەسحـــابـــەیـــەکـــی گـــەورە و نـــاسراوە

(ئـــەبـــوو عـوبـــەیـدەی ئـــەنساری)ی نـــاوە
ڕێی کـــەوتـــووەتـــە ئـــەم خـــاك و ئـــاوە

هـــەروەهـــا زانـــای خـــوانـــاسی دڵـــپـــاك
سامـــانـــی دنـیـــای لا وەك خـــۆڵ و خـــاك

واتـــە (بـــێدەنـــی، شێخ بـــابـــەڕەسووڵ)
دڵ پڕ ترسی خوا و بۆ کوردیش مەلووڵ[١١]

کـە پـێی نـاخـۆش بـوو واعـیـز بـە تـورکـی
تـــەکـــفـــیـــری بـکـــا سەرەڕای ئـــەرکـــی[١٢]

هـــەروا شاعـیـری شەیـدای چـاوی گـەش
زوڵـفـی عـەنـبـەریـن، خـەت و خـاڵـی ڕەش

کـە فـەلـەك پـەنـجـەی قـەڵـەمـی شکـانـد
مـــەرەکـــەبـــی ڕشت، قـــاقـــەزی دڕانـــد

نـــەوەك بـــە شيـــعـــری ورد و ئـــاوداری
بـــــهـــۆنـــێتـــەوە وەسپـــی ڕووی یـــاری

بـــازاڕی بشكـــێ شەوقـــی مـــانگ و خـــۆر
ڕوویان تێ نەكا هیچ كەس بەهیچ جۆر

واتـە (تـاهـیری عـوسمـان پـاشای جـاف)
لـــەوێ نـــووستـــووە بـــە دڵـــیـكـــی ساف[١٣]

دوای ئـــەو شەهـــیـــدی ڕێگـــای ئـــازادی
نـــــەتـــــەوەخـــــوازی عـــــێلـــــی مـــــرادی

شاعـیری ڕابـەر، هـەڵكـەوتـووی سەروەر
پـــێشكـــەوتـــن خـــواز و نـــەتـــەوەپـــەروەر

شاعـیری شەیدای كـوردستـانـی جـوان
هـــاوزێدی (گـۆران)، خـاوەنـی (ویـجـدان)[١٤]

ئـەحـمـەد مـوخـتـار جـاف، زیـرەك و زانـا
وەك بـولـبـول دەیـخـوێند بـە كـوردستـانـا

ئـــەویش هـــەر لـــەوێ سەری نـــایـــەوە
بـــە نـــاهـــومـــێدی و نـــەگـــەڕایـــەوە

ئـەو بـەهـیـوا بـوو ڕێی شەمـەنـدەفـەر
كـێوی هـەورامـان كـون كـا دیـوەودەر[١٥]

هـەرچـەنـدە ئـاواتـی خۆی بـە چـاو نـەدی
زوو بـــێ یـــا درەنگ دەبـــێ بـــێتـــەدی

گـەیشتـمـە (عـەنـەب) گـورج تـێپـەڕم كـرد
دەمـــەویست بـگـەم زوو بـــە دەستـــوبـــرد

بـۆیـە بـەجـێم هـێشت، بـەودیـوا شکـام
ئـەم لام (دەرەشیش)و (بـیـاوێڵـە) ئـەولام[١٦]

لـەم دوو دێیـەدا دوو پـیـاوی خـوا بـوون
(مـەلا عـابـیـد) و (مـەلا عـەولا) بـوون[١٧]

بۆ خەڵك و خوای دەور وێنەی ڕەوشت بوون
مـامـۆستـای هـەمـوو ورد و درشت بـوون

ئـیـتـر بـمـگـرە (بـیـارە) هـاتـم
هـەر لـە دوورەوە فـیـدای بـالآتـم

لای ڕاست ملە و یاڵ، لای چەپ دەشتی تەخت
دەشت و یـاڵ و دۆڵ وەك بـاخـی بـەهـەشت

جـاری بـەرەو خـوار، جـاری بـەرەو ژوور
نـیشانـی نـزیك، نـیشانـی لـە دوور

مـن بـۆ گـوڵـعـوزار، بـولـبـول بـۆ گـوڵـزار
پـەپـوولـەیش لـەبـۆ هـەلاڵـەی بـۆنـدار

هـەریـەك بـۆ شتـێ خـەریـكـی گـەشتـە
كـەس بـە كـەس نـیـیـە لـەو دەورودەشت

سەرم هـەڵـبـڕی بـەرەو (خـەرپـانـی)
زێدی (شێخـەلا)ی زانـای ڕەبـبـانـی[١٨]

مـامـۆستـای دەرزی (نـالـی) و (مـەولانـا)
ئـەم جـوانـی و ئـەو دیـن لـە كـوردستـانـا

بـەرامـبـەر ڕوانـیـم چـەپـی خـۆرنشیـن
(بـاخـە كـۆن)ەكـەی (شێخ حـیسامـەدیـن)[١٩]

بــەو سەرشاخـــەوە لانـــەی هـــەڵـــۆ بـــوو
نـــمـــوونـــەی تـــوانـــی دەستـــی مـــرۆ بـــوو

نـــەخـــتـــی لـــەولاتـــر (زەڵـــم) و ئـــاوەکـــەی
تـــافـــگـــە بـــە گـــوژم و بـــە پـــڕتـــاوەکـــەی

پـــێـــتـــەخـــتـــی دێـــریـــن گـــشـــت (ئـــەردەڵان) بـــوو
قەڵا سەختەکەی (خان ئەحمەد خان) بوو[٢٠]

تـــا (دەرەقـــووڵـــە) ئـــەمـــە حـــاڵـــم بـــوو
بـــەم چـــاو و بـــەو چـــاو یـــاڵـــەویـــاڵـــم بـــوو[٢١]

بـــۆ حـــەســـانـــەوەی شەکـــەتـــیـــی رێـــگـــا
لـــە چـــاخـــانـــەکـــەی (زەردەهـــاڵ) لام دا[٢٢]

چـــایـــێـــکـــی ڕەش و جـــامـــێ ئـــاوی سەرد
نـــاهـــێـــڵـــێ لـــەنـــاو لـــەش و دڵا دەرد

(بـــاســـکـــەدرێـــژ)م گـــرتـــەبـــەر تـــا سەر
ئـــەو نـــاوەم دایـــە بـــەر مـــەددی نـــەزەر[٢٣]

لای ڕاست دوادوایـــی چـــەمـــی (بـــیـــارە)
بـــەرامـــبـــەر شاخـــی (هـــەورامـــان) دیـــارە

لای چـــەپ (هـــانـــەوا) و پـــەڵـــکـــی پـــڕ سایـــە
لـــەولاتـــر قـــەڵای (سەنـــگـــی سیـــا)یـــە[٢٤]

لـــەسەرخـــۆ بـــڕیـــم ڕێی (بـــاســـکـــەدرێـــژ)
ئـــەم سەری هـــەوراز، لـــەوسەرەوە لـــێژ

ڕۆیـــیـــم تـــا گـــەیمە مـــلـــەی (ئـــاتـــەشگـــا)
کـــە خـــەڵـــکـــی ئـــێـــســـتـــایش گـــڵـــی لـــێ ئـــەبـــا[٢٥]

ماڵ ماڵە ئەدەب بە گڵی پاکی
بۆ بەرەکەتی هێزی ڕووناکی

گەییمە (تافا و (چەمی خواجایی)
بە چەپا ڕۆییم بەرەو ئاوایی[٢٦]

دیوی ئەمدیوی (ملەگای چنار)
قەڵای ڕووخاوی عوسمانی ئاسار[٢٧]

کە شکامەوە بە دیوی باخا
هەڵزنیم بەقەد تووڵەڕێی شاخا

چەند هەنگاو ڕۆییم بەرەو پێشەوە
لەگەڵ خۆم دەژیام بەئەندیشەوە

بەرەو پیرم هات جێگای دێرینم
(کەمەرسەلارە)ی جوان و ڕەنگینم[٢٨]

کەشوێنی گەشتی ئێوارانمان بوو
جێگای ژوانی دڵدارانمان بوو

دەڕوانێ بەسەر هەرچی باخاتە
بەردەم یەك پارچە سەوزیی بیساتە

دیمەنی وەها دڵکەش و جوان
گرانە هەبێ مەر لە کوردستان

نەختێ لەولاتر چەمی (بێڵەخا)
بە عەکسی ڕێی خۆی هەر بەناو باخا

بەتاوێ لێرە و تاوێ تر لەوێ
ڕێی پیشان دەدام بچم بۆ ناو دێ

لـەم بـاخ بـۆ ئـەو بـاخ تـەلاّن بـە تـەلاّن
هـەنـگـاوم دەنـا لـەمـیـان بـۆ ئـەویـان

بـەرەوژوور لای چـەپ (مـلـەی چـنـار) بـوو
ژوانـگـەی هـەزاران یـار و دڵـدار بـوو

(مـلـەگـای چـنـار) ئـای کـە دڵـگـیـرە
دوا هـەواری گشت مـنـاڵ تـا پـیـرە

بـەردەنـوێژەکـەی بـەر جـۆگـەی (پشت جـۆ)
مـانـوی دەردەکـا قـرچـەی نـیـوەڕۆ[٢٩]

سروەی نـەسیـمـی بـۆ گـیـانـی ڕێبـوار
فـێنـکـیـی دڵـە و دەرمـانـی ئـازار

ئـەوبـەری جـۆگـا لـە قـەراخـی شاخ
گـۆڕسـتـانـێکـە پـڕ لـە ئـاخـوداخ

گـڵـگـۆی شەهـیـدە، هـیـی بـەرگـوزیـدە
هـیـی لـەخـواتـرس و هـی سزادیـدە

زۆری تـێدایـە لـە نـامـرادان
خـێر لـە خـۆ نـەدیـو، دەسـتـەی نـاشادان

کـە دەربـەدەری زوڵـم و سزا بـوون
بـێ بـەش لـە هـەمـوو خـێری دنـیـا بـوون

لـە ئـەهـلـی دڵـی دەروون ئـاوەدان
کـە لـە یـادی خـوا لـێوان بـوو دڵـیـان

کـۆمـەڵـێ کـەس و دۆست و نـاسیـاوە
دڵـم بـەیـادیـان خـوێنـی تـێزاوە

باخی (قەراغا) نەختێ بەرەوخوار
جێی یاریی فەقێ لە وەرزی بەهار[٣٠]

تۆپقاڕ و جوغزێن، کلاوکلاوێن
سێباز و کەوشەك، یەك لەدوای یەك دێن

سێشەممە و جومعە خۆشی و سەفا بوو
زۆر جار هەڵپەڕكێ و بەزم و سەدا بوو

نزیك بوومەوە لە كەوانەی دێ
(باخی لادەگا) بەرەو پیرم دێ[٣١]

چەند هەنگاو لەولا ئیتر ناودێیە
خانەقای سۆفێ و حوجرەی فەقێیە

لای ڕاست كۆشكەكەی (مەولانا)ی جاران
لای چەپ (سەربرج)ی ئاخر ماوامان[٣٢]

لەولاتر ماڵی عومری منالی
پاش ئەویش (بانەبەرزە) و جەنجاڵی[٣٣]

لەوێ دابەزیم پشتی مەرقەد بوو
قاپییە تاریكەی پێپیلكە بەرد بوو[٣٤]

لەوسەری كۆڵان (حەوشی خانەقا)
بۆ دەستەی سۆفی وەك ئاوی بەقا

حەوشەی خانەقا، سەیری كوێت بكەم؟
سەر لە كام حوجرە و كام ڕێ و جێت بدەم؟

جێگای داخوازی و ڕاز و نیازی
جێگای ئاهەنگی مەلای موجازی

سەكـــۆی بـــەردەمـــی مـــەرقـــەد و هـــەیـــوان
شوێن دەوری فـــەقـــێی سبـــەیـــنـــێ و شێوان

حـــەوزە گـــەورەكـــەی شوێن دەسنـــوێژ گـــرتـــن
تـــەلـــەبـــەردی لـــووس بـــۆ سوجـــدە بـــردن

(چـــنـــارەبـــەرزە) لـــووت لـــە ئـــاسمـــانـــە
لـــەقـــلـــەق سەرپـــۆپـــەی كـــردووە بـــە لانـــە

دوو نـــــارەوەنـــــی پـــــڕ گـــــەڵا و سەوزی
لـــە ڕاست و چـــەپـــی قـــەراخـــی حـــەوزی

شۆڕەبـــیـــەكـــەی سەر حـــەوزەكـــەی خـــوار
لـــق سەرە و داوێن هـــەروەك زوڵـــفـــی یـــار

خـــانـــەقـــای خـــواروو، خـــانـــەقـــای سەروو
هـــیـــی بـــەرەی تـــازە و هـــیـــی بـــەرەی بـــەروو

حـــوجـــرەی مـــەدرەسە و كـــتـــێبـــخـــانـــەكـــان
ژووری لای چـــەپـــی حـــوجـــرەی فـــەقـــێكـــان

بـــانـــی مـــەرقـــەد و هـــەیـــوانـــەكـــانـــی
جـــووتـــێ گـــومـــەزی سەوزی زۆر جـــوانـــی

سوورەتـــووەكـــەی سەر پـــلـــەكـــانـــە
كـــە ئـــەمـــانـــچـــیـــنـــی دانـــە بـــە دانـــە

خـــانـــەقـــای سەرووی هـــەمـــیشە جـــەنجاڵ
فـــەقـــێ و دەرز و دەور، گـــرمـــە و دەمـــەقـــاڵ

(مـــیـــرزا عـــەبـــدوڵـــڵا) و ئـــاوازی شمشاڵ
(كورتێ) و (گەوهەرێ) و (نابێ) و (یارغەزاڵ)[٣٥]

کە میرزا ئەهات شمشاڵ لێ بدا
سۆفیی چلەکێش ئەکەوتە سەدا

خەڵوەتخانەکەی لەبیر ئەچووەوە
هەستی نەئەکرد ڕۆژە یا شەوە

کوڕی جەنجاڵی مانگی ڕەمەزان
کە کەس نەدەنووست تا بەرەبەیان

بانی بازاڕ و (ئاڵێ بابەکەم)
دەنگی دەگەییە ئاسمانی یەکەم[٣٦]

بێجگە لە حاڵ و لە جەزبەی سۆفی
بە گەرمای هاوین، زستان و تۆفی

بەردەمی بازاڕ، چاخانەی پشت چەم
دڵی خەمباری پاك ئەکرد لە خەم

کوڕی جەنجاڵی چێشتەنگای هاوین
نموونەیێ بوو بۆ خۆشبەختیی ژین

ئاشتی خانەقای لاشانی بازاڕ
ڕێ بەرناکەوێ لە زۆریی ئاشهاڕ

ئاشەبەرزەکەی لافاو هەڵگرتوو
قیبلەی کوڕگەلی کچان دڵبردوو

ئەم دەوروبەرە جێی یادگارە
دەرمانی دەردی دەروون بیمارە

دەگەڕام بەسەر بانی بازاڕدا
چاوێکم گێڕا بە سەر و خواردا

گــەڕەکــی (سمــێڵ)، گــەڕەکــی (گــەلان)
هـیـی بـەگـەڕووتـە و هـیـی بـەرەی شێـخـان[٣٧]

نـــاوەڕاستـــی دێ و ڕەشە خـــەڵـکـەکــەی
لــە کــەوانــەی دێ قــوتــابــخــانــەکــەی

دوورتـــر بــنــاری شاخـــی هـــەورامـــان
دەستـــم دامــێنت، پــۆیـلــەدار، ئــامــان

لــەوێدا (هــانــە گــەرمــەڵــە)ی جـوانـە
ئــەم بــەر و ئــەوبــەر بــاخ و بـێستــانـە

لـــەو بـــەرەو ژوورتـــر (کـــەیمنـــە) دیـــارە
کـــام مـــیـــوە خـــۆشە لـــەوێ بـــە بـــارە

تـــۆزێ لـــــەولاتــــر دێی (بـــێدەرواز)ە
کــانــی و بــاخــاتــە و بــەزم و ئــاوازە[٣٨]

عەتری کەماو لۆ و بۆی خۆشی چنوور
ڕێبـواری شەکـەت مـەست ئـەکـا لـە دوور

ئــەنجا هــاتمە خــوار لــە بــانــی بــازاڕ
لــە قــاڵــدرمــەی دار، پــاڵ شۆڕەچــنــار

بـــەرەوخـــوار بـــۆ لای نــانــەواخــانــە
نـــانـــی خـــۆڕایـــی مـــووچـــەی مـــیـــوانـــە

فـەقـێ مـحـەمـەدی خـوانـاسی پـیـاوچـاك
بــەرپــرسی نــان بــوو دەسپــاك و دڵــپــاك

بۆ فەقێ و سۆفی و میوان گەورە و ورد
کـــولـــێرەی گـــەرمـــی ئـــامـــادە دەکـــرد[٣٩]

هـــەزاران ڕەحـــمـــەت لـــە خـــاکـــی گـــۆڕی
کە قەت ڕێگەی خۆی بۆ کەس نەگۆڕی

لـــەوێوە ڕۆیـــیـــم بـــەرەو (کـــامـــووسا)
بـــۆ ئـــاوی گـــەرمـــی زســتـــان و ئـــەوسا[٤٠]

نـــاوەڕاست چـــەمـــە، بـــەردی گـــەوهـــەرن
مـــاڵـــەکـــانـــی شێخ ئـــەمـــبـــەرەوبـــەرن

ئـەمـبـەر مـاڵـی شێخ، ئـەوبـەر مـاڵـی شێخ
دەس و پــێوەنــد و خــزمــەتــکــاری شێخ

نـــەخـــتـــێ لـــەولاتـــر پـــەڕیمە ئـــەوبـــەر
تـێر تـێر ئـاوم خـوارد لـە (کـانـی مـاوزەڕ)[٤١]

کۆشکی شێخ عوسمان، باخە جوانەکەی
پــڕ تــەلانــی بــەرز، مــەودا پــانــەکــەی[٤٢]

لایـــێ فـــوارە، لـــەلایـــێ گـــوڵـــە
ئـــای کـــە فـــەرەح و ڕەحـــمـــەتـــیـــی دڵـــە

کـــە گـــەیشتـــمـــە کـــەوانـــەی گـــوڵـــزار
هـــاتـــە سۆ زامـــی دڵـــەی دەردەدار

چـــەنـــد جـــار بـــێرەدا لـــەگـــەڵ هـــاوسەران
بـۆ (تـەپـی نـیـعـمـەت) ئـەچـووین بۆ گەڕان[٤٣]

لـەسەر تـەخـتـایـیـی ئـەو تـەپـە جـوانـە
(شیـریـنـە و خـانم)، (ئـامـان لـەرزانـە)[٤٤]

هـەڵـپـەڕکـێی فـەقـێ و لـفـکـە و جـامـانـە
لـــە هـــەمـــوولایـــێ چـــاوڕەش ئـــامـــانـــە

قریوەی فەقێی دڵتەڕ و دڵخۆش
ئەیژیانەوە ئینسانی بێهۆش

لای ڕاستی تەپیش لێژگە و تەلانە
باخ و بێستانە، ڕەنجی ئینسانە

قوربانیی ڕێگەی ئەم لالەزارە
(کەریمی مەتی موڵکی)ی هەژارە[٤٥]

(حەمەی مەلاك) و چەندی تری وا
کە چوار فەسڵەی ساڵ ڕەنجیان تیا دەدا[٤٦]

ئای کە بنیادەم ئازا و سەرسەختە
کەمی بەختەوەر، زۆری بەدبەختە

خەریك بووگەشتم دوایی پێ بێنم
لەو مەرز و بوومە ئیتر نەمێنم

لە ناکا دەنگی (تەوێڵە)ی سازگار
هاتە گوێم، وتی: بۆ لای من ڕیبوار[٤٧]

هەڤاڵی یەکن بیارە و تەوێڵە
ئەوێت دی، منیش بەجێ مەهێڵە

ئەمەك و وەفا داگیری کردم
بەرەو سەر ڕێگای تەوێڵەی بردم

لە (تەپی نیعمەت) بۆ (دەرگاشێخان)
لەوێیش بۆ (بەڵخە) جا بۆ (سۆسەکان)[٤٨]

نەختێ ڕاوەستام لەو سەرملەیە
ڕێگام لەبەرە، زۆرم پەلەیە

(سۆسەکـان) لـەم بـەر، (شۆشمـێ) لـەو بـەرە
زۆر دێی کـوردسـتـان ئـەمـبـەرەوبـەرە[٤٩]

لـە خـواری (شۆشمـێ)، (نـەوسوود) دیـارە
چـەن بـاسەفـا بـوو سەر (حـەوزەلارە)[٥٠]

چـەنـد خـۆش بـوو ئـەوسا کـە ئـاوەدان بـوو
بـووکـی ڕازاوەی گشت (هـەورامـان) بـوو

خـەیـاڵ هـەر بـردمـی بـەرەو ئـەولاوە
تـا گـەیـانـدمـیـە نـاو شاری (پـاوە)[٥١]

«سەراو چون (هەولی)، مەسکەن چون (پاوە)
مـاچـی بـەهـەشتـەن وەڕووی دنـیـاوە»[٥٢]

تـا ئـێرە بـەس بـێ، وتـم بـەخـەیـاڵ
زیـاتـر ڕێ نـاکـەم، نـەخـۆشم و بـێ حـاڵ

گـەڕامـە دواوە بـەرەو (سۆسەکـان)
داپـەڕیمە خـوار بـۆ نـاو بـاخـەکـان

لـەم لا داری گـوێز، لـەولا داری گـوێز
خـەریـکـن ئـاسمـان بـگـرنـە ئـامـێز

لـە بـەرپـێ ڕووبـار، لای سەر لالـەزار
بـاخـی بـەهـەشتـە و جـۆگـەیـە و جـۆبـار

لای چـەپ چـایـخـانـەی (گـەڕیـات) دەگـەڕێ
چـەمـی (تـەوێڵـە) لای ڕاست ڕێ ئـەبـڕێ

هـەتـا دەگـەیـتـە نـاوەڕاستـی دێ
سێبـەرە و هـەتـاو نـادا لـەو بـەرپـێ

هـــەتـــا خـــۆر ئـــاوا دەبـــێ لـــە نـــاوە
پـــۆپـــەی دارەکـــان هـــاوڕێی هـــەتـــاوە

لـە دێ بـۆ نـاوبـاخ، لـە نـاوبـاخ بـۆ دێ
پـۆل پـۆل نـازداران دەگـرن ڕێچـکـەی ڕێ

لاوانـــی قـــۆز و جـــوانـــی مشکـــی لار
لـــە دوورونـــزیك شانـــە و شانـــی یـــار

ڕێگـــا ئـــەڤـــیـــنـــە، هـــەوا ئـــەڤـــیـــنـــە
ئـاسمـان ئـەڤـیـنـە، کـوا ڕق؟ کـوا کـیـنـە؟!

نـــاوت زیـــنـــدووە گـــۆرانـــی مـــەزن
تـەنـهـا لـەخـۆت دێ وەسپـی خـاك و ژن

«سیـــاچـــەمـــانـــە.. سیـــاچـــەمـــانـــە..
هـــەورامـــان جـێگـــەی سیـاچـەمـانـە..»(٥٣)

دەستـــی چـــەپـــی چـــەم دوور لـــە دڵـداری
خـــانـــەقـــای شێخـــە و عـــیـــبـــادەتـکـــاری

خـــانـــەقـــا و گـــڵـــکـــۆی (سیـــراجـــەدیـــن)ە
(تـــەوێڵـــە) قـــیـــبـــلـــەی سۆفـــی ئـــایـــنـــە(٥٤)

سەردەمـــێ ئـــێرە جـــێی خـــوانـــاسی بـــوو
لـــە هـــەمـــوولایـــێ بـــاس و خـــواسی بـــوو

بـــە عـــیشقـــی پـــاکـــی لـــیـــقـــای خـــواوە
ڕوویـــان تـــێ دەکـــرد لـــە هـــەزار لاوە

قـــەریـــحـــەی مـــەعـــدووم لـــێرە کـــراوە
خـــەرمـــانـــی شیـــعـــری لـــێرە هـــەڵـــداوە(٥٥)

ئــای دنـــیـــا سەیـــرە، دەوران دەورانـــە
شەڕی ژیـــان و مـــان و نـــەمـــانـــە

«سەدای ئـاسیـاوچـی مـەیـۆ پـەیـاپـەی
ئـاسیـاو خـاڵـیـیـەن، نـۆبـەتـەن، سا دەی»

«هـــەرکـــاتـــێت زانـــا دەورێ وەردەوە
ئـێمـەیـچ چـون یـاران پـێچمـان کـەردەوە»(٥٦)

بـەرەوژوور بـازاڕ، لـە هـەمـوو بـابـەت
هـەریـەك خـەریـکـی جـۆرێ کـەسابـەت

یـەکـێ ئـاسنـگـەر، یـەکـێ دارتـاشە
یـەکـێ خـەریـکـی گـێوە و کـڵاشە

یـەکـێ خـەیـاتـی چـۆخـە و ڕانـکـە
یـەکـێ خـەریـکـی بـێشکـە و لانـکـە

لایـەك دووکـانـی مشکـی و قـومـاشە
لایـەك کـەوشدروو، لایـەك سەرتـاشە

لایـێ کـەبـابـچـی، نـانـەوا لایـێ
مـاسی (دزاوەر) ئـەکـڕێ کـابـرایـێ(٥٧)

لایـێ مـزگـەوت و بـانـگ و مـەلایـە
نـوێژ و دەسنـوێژ و ساتـی خـوایـە

شارەدێیـەکـی گـەورە و گـرانـە
بـۆ هـەرلا ئـەڕۆی هـەر ڕەنـج کـێشانـە

وەستـانـی تـەوێڵـە کـارامـەی هـەر کـار
بـێ هـاوتـان لـە گشت خـاکـی کوردەوار

بازارم جێ هێشت ڕووە و (ئاوێ سەر)
بەدرێژاییی ڕێ هەر دار و سێبەر[٥٨]

هەتا گەیشتمە پانتاییی بن شاخ
شاخی هەورامان لای سەر، بەرپێ باخ

لە شەش حەوت لاوە قوڵپی کانییە
دەڵێی سەرچاوەی زیندەگانییە

ئەمە گەشتێ بوو لە خەوما کردم
پشوویێکی دا دڵەی پڕ دەردم

ئیتر ماڵئاوا زێدی شیرینم
جارێ تر بڕوا ناکەم بتبینم

نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیوم
ڕەشبینی ئاسۆی گشت لێ تەنیوم

ئەوسا ناخی دڵ پڕ لە ئاوات بوو
ڕەشبینی لەلام بێ دەستەڵات بوو

بەڵام ئێستا کە مات و مەلوولم
پووش و پەڵاشی دەم گەردەلوولم

نەهاوڕێی ڕێ یە، نەبرادەرە
هەموو کەس دڵی پڕ لە کەسەرە

سەروو تاریکی، خواروو تاریکی
خۆرهەڵات خۆری ڕوو لە تاریکی

خۆراوا کاری شیرازە پچڕاو
داد و دادپەروەر تەنیا ناوە و ناو

یەکێ بکوژرێ دنیا دێتە جۆش
گەلێ بکوژرێ هەموولا سەرخۆش

توخوا زێدەکەم، جوانی یەزدانی
هەموولا نەخشین بێ پەنجەی (مانی)[٥٩]

ڕێم بدە ماچ کەم خاکی پیرۆزت
چاوم بڕێژم بە کلەی تۆزت

من بێوەفا نیم، بۆ تۆ ژیاوم
بۆ تۆ بوو هەموو هێز و هەناوم

ئێستەش کە نامۆم، دوورە وڵاتم
سەربەرزیی تۆیە بەرگ و خەڵاتم

(بیارەی حەمکوڵ)، گوڵ خونچەی بەهار
لابەری خەم و پەژارە و ئازار[٦٠]

دیارییە بۆ تۆیش ئەم هەڵبەستانە
پێت خۆش بێ چونکە بۆ کوردستانە

من ئەم شیعرەم بوو، دایکت تۆی نازدار
تۆ ئەمساڵ هاتی، شیعرەکەی من پار

ئەم نەمامانە نۆبەرەی خەم بوون
بەڵام تۆ هاتی، وا لە خەم دەرچوون

وەك سروەی شەماڵ گەرمات بردەوە
یادی دێرینت زیندوو کردەوە

بیارە یاخوا هەمیشە شاد بی
لە دیلیی غەم و بەڵا ئازاد بی

تــەمــەنت درێژ هــەم پــان و پــۆڕ بــێ
پـڕشنـگـی گـەشی نـەتـەوە و کـۆڕ بـێ

نــاوت بمێنــێ بــە سەربــەرزیــی گــەل
نـە وەك شیـعرەکـەی مـامـەت پـڕ خـەلـەل

بـەڵکو وەك شیـعرێ بـۆ کـوردستـان بـێ
شایــانــی بــاڵای ئــاڵای کـوێستـان بـێ

قــژت وەك چــنـــوور جــوان و سەلار بــێ
جـێگـات وەك (شاهـۆ) بـەرز و دیـار بـێ

وەکـوو «وەنـەوشەی بـن تـووتـڕك خـزیـو»
قــەشەنگ و بــەنـرخ وەکـو زەڕ و زیـو[٦١]

بــیـــروبـــاوەڕی مـــامـــەت دەزانـــی؟
وەرە پـــێت بــڵـــێم زۆر بــەئـــاسانـــی

دنــیـــام خــۆش دەوێ، دۆستــی ژیــانم
لـــەگـــەڵ گـــەلانـــا دەس لـــەمـــلانم

ئـــاشتـــی هـــیـــوامـــە ڕێگـــای ژیـــانـــە
نــەك لــەگــەڵ دیـلـیـی دەستـی بـێگـانـە

دوشمـــنـــی بـــاوك کـــوشتـــەم زۆردارە
دەجـــجـــاڵ و دەسبـــڕ، سوخـــرە و بـێگـارە

داگـــیـــرکـــەران و داردەستـــەکـــانـــیـــان
کـلـکـی تـەوەرەکـە و وابـەستـەکـانـیـان

دنــیـــا قـــەشەنـــگـــە، ژیـــان جـــوانـــە
کـــردەی ڕەنـــگـــیـــنـــی دەستـــی یـــەزدانـــە

لام نیشتمانی خەڵکیش پیرۆزە
جەژنی خەڵکیشم لا وەك نەورۆزە

بەڵام چی کۆشکە لەسەر ڕووی بیسات
لای من ناگاتە زنجێکی وڵات

کوردستان بابەم کوردستان دایەم
بێشکەی مناڵی و دەنگی لایلایەم

پەراوێز:

(١) فـەقـێ: ئـەو قـوتـابـیـیـانـەی جـاران لـە مزگـەوتـەكـانـی كوردسـتـانـدا دەرزی زانسـتـە ئیسلامییەكانیان لای مەلا دەخوێند، (فەقێ)یان پێ دەوتن.

(٢) بیارە: دێیەكی گەورەیە كەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی باكووری هەڵەبجەوە لە پارێزگای سلێمانی لە كوردستانی عێراق.

(٣) شاخـی هـەورامـان: زنجیـرە شاخـێكـی بـەرزی گـەردنكـەشە كـەوتـووەتـە ڕۆژهـەڵاتـی باكووری هەڵەبجەوە و لەخاكی كوردستانی ئێراندایە.

(٤) هـەڵاڵـەبـرمـە: یـا هـەڵاڵـە بـرایمە: ڕواوێكـی بـەهـارییـە ساقـەكـەی پـان و درێژە و لـە ناوەڕاستیدا گوڵێكی سوور دەردەكات بنی پەڕەكانی سپییە، منداڵان دەستی پیا دێنن، دەپڕوێ و ئاودەكات، دەڵێن ئەوە چاوی گوڵەكەیە بۆ حەسەن و حوسەین دەگری. ئەم فۆلكلۆرەیشی لەسەر وتراوە:

هەڵاڵەبرایمە گری گری

حەسەن و حوسەین شەهیدكران

بەتێغی كافری

(٥) مـزگـەوتـی پـاشا: گـەورەترین مـزگـەوتـی هـەڵـەبـجـەیـە، لـە ڕووی ڕێگـای هـەورامـانـە. خوالێخۆش بوو عوسمان پاشای جاف دروستی كردووە.

(٦) گەرەلاوژێ: كە كۆمەڵێ فەقێ یا هەر كۆمەڵە لاوێكی تر، شەوان، زیاتر شەوانی زستان، لە حوجرەی فەقێ یا لە ماڵاندا كۆدەبوونەوە، دەست دەكرا بە گۆرانی وتن و دەبـوو بـە ڕیـز هـەریـەك لـەدانـیشتـووان گـۆرانـیـیـەكی بـچڕیـایـە، جـا ئـەگـەر یـەكـێ گۆرانییەكەی خراپ بوتایە یا دەنگی ناخۆش بوایە، دانیشتووان پێی پێ دەكەنین. بەوەیان دەوت گەرەلاوژێ.

(٧) عەنەب: دێیەكی مام ناوەندییە كەمتر لە سەعاتەڕێیێ بە پێ لەولای هەڵەبجەوە لەسەر ڕێی هەورامان لە بناری بەرزاییەكانی ڕۆژهەڵاتی باكووری هەڵەبجەدا.

(٨) عەبابەیلێ: گەورە دێیەکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەوە، سێ چارەك سەعات بە پێ لێیەوە دوورە.

(٩) شەخسی: گۆڕستانی دێی عەبابەیلێیە لە کەوانەی خوارووی دێوە. شنروێ: ملەیەکی بەرزە لە پشتی دێوە.

(١٠) عەبابەیلێ: بەکوردیکراوی وشەی (ابو عبیدە)یە کە ناوی یەکێکە لە هاوڕێیانی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ، هاتووەتە کوردستان و لەدێی (عەبابەیلێ)ی ئێستا بە خاك سپێردراوە.

(١١) مامۆستا شێخ بابەڕەسووڵی بێدەنی (١٣٠٣- ١٣٦٣ی کۆچی، ١٨٨٥-١٨٨٦/١٩٤٣- ١٩٤٤ی.ز) مەلایەکی گەورەی نیشتمانپەروەر بوو، شاعیرێکی هەست ناسکیش بوو، ماوەیەك لە دێی عەبابەیلێ مەلا بوو. هەر لەوێیش کۆچی دوایی کردووە و بە خاك سپێردراوە.

(١٢) هێمایە بۆ بەیتە شیعرێکی مامۆستا شێخ بابەڕەسووڵ لە قەسیدەیەکی نیشتمانپەروەریدا. ئەمەش بەیتە شیعرەکە:

کەعبە کەچ نابێ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم
پێم بڵێن واعیز بە تورکی بۆچی من تەکفیر ئەکا؟

(١٣) شاعیری ناودار تاهیر بەگی عوسمان پاشای جاف (١٨٧٥- ١٩١٧ی.ز).

(١٤) گۆران: شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵلابەگی گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢ی.ز). ویجدان، یا مەسەلەی ویجدان: نووسراوێکی بەناوبانگی ئەحمەدی موختار جافی کوڕی عوسمان پاشای جافە (١٨٩٨-١٩٣٤ی.ز).

(١٥) ئەحمەدی موختار جاف لە یەکێ لە چەکامە نەتەوەییەکانیان دەڵێت:

پاش قڕانی مودەعی دەس پێ ئەکەن تەعمیری موڵك ڕێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە

(١٦) دەرەشیش: دێیەکی بچووکە لەولای عەنەبەوە. بیاوێڵەیش هەروا دێیەکی بچووکە لەو ناوانەدا.

(١٧) مەلا عابید مەلای بیاوێڵە و مەلا عەولا مەلای دەرەشیش بوو. ئەم دوانە دوو پیاوی لە خواترس و پیاوچاك بوون.

(١٨) خەرپانی: دێیەکی بچووکە بە قەدپاڵێکی نزیکی (دەرەقووڵە)وە کە دوادوایی چەمی بیارەیە. کە لە هەڵەبجەوە بە پێ بڕۆی بۆ بیارە، خەرپانی دەکەوێتە دەستی ڕاستی ڕێگاوە. ئەم دێیە سەردەمێك خوێندنگایەکی گەورەی زانیاریی ئاینی بووە. لە سەردەمی شێخەولای تەکیەیدا کە بە (شێخەولای خەرپانی) بەناوبانگە، خوێندنگایەکی ئاینیی تێدا بووە جمەی هاتووە لە فەقێی پایەبڵندی باڵا. شای شاعیرانی کلاسیکی کورد نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی نوێکەرەوەی ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستانا دوان لە فەقێیانی ئەم خوێندنگایە بوون.

(١٩) باخەکۆن: دێیەکە سەر بە ناحیەی خورماڵ، خوا لێخۆشبوو شێخ حیسامەدینی کوڕی شێخ بەهائەدینی تەوێڵە خانەقایەکی لێ دروست کردبوو و لەوێ دادەنیشت. باخەکۆن لە سەردەمی شێخی ناوبراودا دێیەکی ئێجگار سەوز و باخدار و باسەفا بوو.

(٢٠) قەڵاکەی زەڵم کە ئێستەیش شوێنەواری ماوە، یەکێك بووە لە قەڵا سەختەکانی هەڵۆبەگی ئەردەڵان و خان ئەحمەد خانی کوڕی.

(٢١) دەرەقووڵە: چەمی بیارە لە دەوروبەری شوێنی بڕانەوەی و دابەشبوونی بەسەر کێڵگەکانی ناوچەکەدا، بە ناوی دێی (دەرەقووڵە)وە ، بە چەمی دەرەقووڵە ناودەبرێ.

(٢٢) کە لە چەمی دەرەقووڵەوە بەسەر یاڵەکەی لای چەپیدا سەرکەوتی و گەیشتیە سەرملەکە، لەوێدا چایخانەیەك بۆ حەسانەوەی ڕێبوار دانراوە پێی دەڵێن (چایخانەی زەردەهاڵ).

(٢٣) باسکە درێژ: باسکێکی درێژ و ڕەقەن و بێ دار و درەختە، ڕێگایەکی بەرەو ناودێی بیارە پێدا گوزەر دەکات. لە شانی ڕاستیشیەوە بە قەراخ چەمەکەدا ڕێگایەکی تر بەناو باخەکەدا هەیە.

(٢٤) هانەوا: سەراوێکە لە بەینی دێی بیارە و نارنجەڵەدا، ئەستێڵێکی گەورەی لێ

هەڵبەستراوە و دار پەڵکێکی سێبەر خەستی لەسەرە و شوێنی حەسانەوەی ڕێبواری ماندووە. سەنگی سیا: واتە بەردی ڕەش، ئەشکەوتێکی بەرزی بەردڕەشە لە نزیکی دێی نارنجەڵەوە، بەردەمەکەی کانیاو و باخە.

(٢٥) ئاتەشگا: گڵەجانەیەکە لەوسەری باسکەدرێژەوە بە لای بیارەدا، خەڵکی گڵی سپیی لێ ئەبەن بۆ ماڵەدانی دیواری ماڵیان، وا باوە وەختی خۆی ئاتەشگایەکی ئاگرپەرستان لەوێدا بووە و خەڵکیش سپێتیی گڵەکەی ئەگێڕنەوە بۆ ئەو.

(٢٦) تافا: تافگەیەکە بەسەر جۆگەی (بێڵەخا) وە لە نزیکی بڕانەوەیان، کە ئاوەکەی دابەش ئەکرێ بەسەر کێڵگەکانی ئەو ناوەدا. جۆگەی بێڵەخا لای خانەقای بیارەوە لە چەمی بیارە هەڵدەگیرێ. چەمی خواجایی: شیوێکە لە چەمی بیارەدا چەند باخ و باخاتی تێدایە.

(٢٧) گردەکەی بەرامبەری ملەگای چنار شوێنەواری کۆنە قەڵایەکی جەندرمەی عوسمانیی پێوەیە.

(٢٨) کەمەر سەلارە: تاشەبەردێکی ڕێك و جوان داتاشراوە بە ملەکەی بەرامبەری ملەگای چنارەوە لەو دیوەیەوە کە دەڕوانێ بەسەر باخاتی چەمی بیارەدا، وەك بەدەستکرد چاك کرابێ وایە. ئێوارانی بەهار فەقێی بیارە دەچوون لەوێ دادەنیشتن و سەیری ئەو ناوەیان دەکرد. لە وەرزی گوڵکردنی درەختا دیمەنێکی ئێجگار جوانی هەیە.

(٢٩) پشت جۆ: جۆگایێکە بەناو بەشێکی بیارە و باخاتی بیارەدا دێ و بە بەردەمی گۆڕستانی ملەگای چناوردا تێ دەپەڕێ. ئەمیش لە چەمی بیارە هەڵگیراوە و بە دابەشکردنی ئاوەکەی بەسەر هەندێ باخ و کێڵگەی نێوان بیارە و نارنجەڵەدا دەبڕێتەوە. لای گۆڕستانەکەدا چایخانەیەك و دوو کۆمەڵ بەردەنوێژی لەسەرە .

(٣٠) باخی قاراغا (قادر ئاغا): یەکێکە لە باخەکانی بیارە لە داوێنی ئاواییەوە، پڕە، لە دارگوێز و هەنار و مێو و قەیسی و هەڵووژە. بەهاران شوێنی یاریی فەقێیان بوو.

(٣١) لادگا: بە هەورامیییانە واتە: لای ئاوایی. ناوی باخێکە لای چەپی ڕێگاوە بۆ بیارە، کەمێ بەر لەوەی بگەیتە ناودێ.

(٣٢) مەولانا: بەڕێز شێخ مەولانا خالید کوڕی خوا لێخۆشبوو، شێخ عەلائەدینی بیارە.

کۆشکی شێخ مەولانا خانووێەکی گەورەی دووقات بوو لای ڕاستی ڕێگای چوونە ناو بیارەوە، کە باری کرد لە بیارە، فرۆشتی. سەربرج: بەرزاییەکە خانووێەکی لەسەر دروست کرابوو هی شێخ حەمە عوسمانی کوڕی خوا لێخۆشبوو شێخ نەجمەدین بوو. کە بیارەی جێ هێشت، فرۆشتنی. ماڵی ئێمەش پێش ئەوەی لە ۱۹٥۱دا بیارە جێ بێڵین، ماوەیەك لە سەربرج لەو خانووەدا بووین.

(۳۳) بانەبەرزە: بانی کۆمەڵە خانووێکی خوا لێخۆشبوو شێخ عەلائەدینە کە خاتوو ڕابیعەی خێزانی (دایکی شێخ ئەمین) لە یەکێکیاندا دادەنیشت. هەروەها یەکێ لە ڕێگاکانی خانەقایش بەو سەربانەدا دەڕوا. پایزانی درەنگ و زستان ئەگەر باران نەبوایە کوڕ و کاڵی بیارە لەو سەربانە یاریی (قولەقانێ) و یاریی تریان دەکرد.

(۳٤) مەبەست لە (مەرقەد) قەبری پایەبەرزان شێخ زیائەدین و شێخ نەجمەدینە. کە خوا لێخۆشبوو شێخ عەلائەدینیش لە ۱۹٥٤دا کۆچی دواییی کرد، هەر لەوێ لە پاڵ ئەواندا نێژرا. هەیوانی ئەم مەرقەدە شوێنی قورئان خوێندن بوو، قەبری کۆمەڵێ لە خزمان و کەسوکاری شێخانیش هەر لەوێیە. خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا بەهای پێشنوێژی خانەقایش ژوورێکی لە پاڵ ئەو مەرقەدا هەبوو.

(۳٥) میرزا عەبدوڵڵا شمشاڵژەنێکی زۆر لێزان و لێهاتوو بوو، هاوینان لە بیارە و زستانان لە سلێمانی دەژیا. خۆی خەڵکی سلێمانی بوو. لە بیارە بە پینەچییەتی و خورما و شیرینی فرۆشتن دەژیا. باوەڕی بە دەنگوباسی دنیا هیچ نەبوو، هەر هەواڵێکی بەرگوێ کەوتایە، دەیوت: پڕوپاڵانتە (پرۆپاگاندە)ی ئینگلیزە. مامۆستا گۆران پارچە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)ی دەربارەی ئەو وتووە. بەداخەوە لە ژیانیا ڕێی لە دەزگایەکی هونەری نەکەوت چەند پارچە شمشاڵ لێدانێکی بۆ تۆمار بکرێ. (کورتێ) و (گەوهەرێ) و (نابێ) و (یارغەواڵ): ناوی هەندێ لە مەقامە کوردییە کۆنەکانن، میرزا عەبدوڵڵا زۆر جوان بە شمشاڵ لێی دەدا.

(۳٦) نیمچە ڕستەیەکە زوبانی فەقێی پێ ڕاهاتووە لە کاتی دەورکردنەوەدا ناوبەناو دووبارەی دەکەنەوە.

(۳۷) لەو سەردەمەدا دانیشتوانی بیارە بریتی بوون لەم چەند تاقمە: خێڵی سمێڵ، خێڵی گەلان، بەگەڕووتە، شێخان و دەستە و بەستەیان و ڕەشەخەڵکەکە. بێجگە هەندێ

مامۆستای قوتابخانە سەرتاییەکە و پۆلیس و دام و دەزگای میری..

(٣٨) هانە گەرمەڵە و کەیمنە و بێدەرواز (بێرواس): سێ دێی هەورامانی لوهۆنن لە ژووری بیارەوە و کەوتوونەتە بەشی کوردستانی ئێرانەوە.

(٣٩) ئەم نانەواخانەیە هیی خانەقا بوو، خوا لێخۆشبوو شێخ عەلائەدین بەڕێوەی دەبرد و مەسرەفی بۆ دەکردو خواناسی ڕەحمەتی فەقێ محەمەدی نانەوا کە لە ئەسڵدا خەڵکی کفری بوو سەرپەرشتیی دەکرد. لەم نانەواخانەوە ڕۆژی سێ ژەم نانی فەقێ و سۆفی و بەشێ لە میوانی دیوەخانی شێخ دابین دەکرا.

(٤٠) کامووس: ناوی کانییەك بوو لە قەراخ چەمی بیارە لە بەری خانەقاوە و لە خوار نانەواخانەکەوە ئاوەکەی بە زستان گەرم بوو، لەبەرئەوە حەوزێکی گەورەی لەبەردا کرابوو و دیواری بەدەوردا هەڵچنرابوو و بەهەژگ و گەڵا سەری گیرابوو. زستانان فەقێ و سۆفی کە پێویستیان بە خۆخستنەئاو بووایە دەچوون لەوێ خۆیان دەخستە ئاو و وسڵی خۆیان دەردەکرد. وا مەشهوور بوو ئەم کانییە خێوێکی هەیە ناوی (کامووسا)یە و بە ناوی ئەوەوە ناونراوە. هەروەها دەیانوت ئەم خێوە جارجار ددانی دێتە ژان و دەکەوێتە هاوارکردن.

(٤١) کانی ماوزەڕ: کانییەکە لە بەری ڕۆهەڵاتی چەمی بیارەوە لە بەردەم ماڵی شێخ عوسماندا لەسەرم ڕێگای دەرگاشێخان و تەوێڵە، ئاوێکی سازگاری هەیە.

(٤٢) مەبەست بەڕێز شێخ عوسمانی کوڕی خوا لێخۆشبوو شێخ عەلائەدینە کە ئێستا ماڵی لە بەغدایە.

(٤٣) تەپی نیعمەت: تەپێکی دەوراندەور باخە دەکەوێتە لای ڕاستی ڕێگای دەرگاشێخان و تەوێڵە. زۆر جار فەقێ بەهاران جومعە و سێشەممە دەچوونە ئەوێ بۆ سەیران ڕابواردن.

(٤٤) شیرینەوخانم و ئامان لەرزانە: ناوی دوو گۆرانیی هەڵپەڕکێن.

(٤٥) کەریمی کوڕی مەتی موڵکی (مەتی بە هەورامییانە واتە: پوور): ئەم مەتی موڵکییە پیرەژنێکی بەساڵاچوو بوو هاتوچووی ماڵی ئێمەی دەکرد لە بیارە، هەموو جار دەیگێڕایەوە چۆن کەریمی کوڕە تاقانەی لە ئیشکردن لەو باخ و تەلانەدا پڕووکاوە و

جوانەمەرگ بووە.

(٤٦) حەمەی مەلاك: باخەوانێكی بیارەیی بوو، دۆستمان بوو، ساڵ دوازدە مانگ لە باخێكی ڕەقەنی كەم دەرامەتدا خەریكی ڕەنجكێشان بوو و شتێكی ئەوتۆی لێ دەسگیر نەدەبوو.

(٤٧) تەوێڵە: شارەدێیەكی سەرسنوورە، بەپێ سێ سەعاتێ لە بیارەوە دوورە.

(٤٨) دەرگاشێخان و بەڵخە و سۆسەكان: سێ دێن لە نێوانی بیارە و تەوێڵەدا.

(٤٩) شۆشمێ: دێیەكی سەرسنووری سەر بە كوردستانی ئێرانە.

(٥٠) نەوسوود: شارەدێیەكی هە،ورامانی لوهۆنە لە نزیك چەمی سیروانەوە و سەر بە كوردستانی ئێرانە. كەوتووەتە نێوان تەوێڵە و پاوە.

(٥١) پاوە: شارێكی هەورامی نشینی كوردستانی ئێرانە، دەكەوێتە داوێنی شاهۆوە. لە كەوانەی سەروویەوە سەراوێكی گەورە و باسافا هەیە پێی دەڵێن (هەوڵی).

(٥٢) ماچی: دەڵێی. ئەم بەیتە فۆلكلۆرە و لە گۆرانیدا دەوترێ.

(٥٣) یەكێكە لە بەیتەكانی (گەشتی هەورامان)ی شاعیری نەمر گۆران.

(٥٤) سیراجەدین یا شێخ عوسمانی تەوێڵە (١١٩٥– ١٢٨٣ی كۆچی، ١٧٨٠–١٧٨١/١٨٦٦–١٧٦٧ی.ز) یەكێكە لە خەلیفە بەناوبانگەكانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، خانەقایەكی لە تەوێڵە دروست كردووە بۆ ڕێ پیشاندانی موسوڵمانان.

(٥٥) مەعدووم: كەڵە شاعیری نەمری كلاسیكی كورد سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی (١٢٢١–١٣٠٠ی كۆچی، ١٨٠٦– ١٨٠٧/١٨٨٢–١٨٨٣ی.ز).

(٥٦) ئەم بەیتە و بەیتی پێشوو هیی مەولەوین.

(٥٧) دزوەر: دێیەكی سەرسنووری كوردستانی ئێرانە لە نزیكی تەوێڵەوە.

(٥٨)ئاوێ سەر: باغ و كۆمەڵە كانیاوێكی خۆش و دڵگیرە لای سەرووی تەوێڵەوە، لە شەش حەوت لاوە ئاوێكی زۆر و سارد لە تەختی زەوییەكەوە هەڵدەقوڵێ.

(٥٩) مانی: نیگاركێشێكی كۆنی بەناوبانگی ئێرانییە.

(٦٠) بیارە: کچی حەمەی برام، لە ١٥-١-١٩٩٠دا لەدایك بووە. حەمکوڵ: حەمەی برام، محەمەدی مەلا کەریم، لەناو خۆماندا بۆ خۆشەویستی وای بانگ دەکەین.

(٦١) لە بەیتێکی پارچە شیعرێکی گۆران وەرگیراوە کە ئەڵێ:

وەنەوشەی بن دڕك خزاو
چاوی ڕەشی کردەوە، دی:
نێرگسەجاڕ بە هەزار چاو
پێ ئەکەنێ زەرد و سپی

**فاتیح عەبدولکەریم**

**لە چەند دێڕێکا**

* لە ٧-١-١٩٢٦دا لە نێرگسەجاڕ هاتووەتە دنیاوە.

* هەموو پلەکانی خوێندنی مەلایەتیی لای مەلا عەبدولکەریمی باوکی تەواو کردووە.

* چەند ساڵ لەژێر چاودێریی باوکیا دەرزی بە فەقێ وتووە.

* چەند ساڵ لە مۆرتکەی بازیان و بزەینیانی شاربازێڕ مەلا بووە و فەقێی ڕاگرتووە.

* لە ئەیلوولی ١٩٥٤ەوە تا تەمووزی ١٩٥٧ لەسەر نیشتمانپەروەری بەند و دوورخستنەوەی چەشتووە.

* پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز گێڕراوەتەوە سەر کار و لەبەغدا بووە بە پێشنوێژ. لەگەڵ ئەوەیش لە بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا (گۆشەی جوتیاران)ی بەڕێوە بردووە و، لە گۆڤاری (هیوا)ی یانەی سەرکەوتنی کوردان کاری کردووە.

*لە ١٩٦٠دا کراوە بە مامۆستای سەرەتایی و پتر لە ١٥ ساڵ لە عەزیزییە و بەغدا مامۆستا بووە. ئەوجا گوێزراوەتەوە بۆ کتێبخانەی دەسنووسی ئاسار و تا خانەنشین کراوە لەوێ کاری کردووە.

* لە ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٢دا لە کۆلێژی (الدراسات الاسلامية) خوێندوویە و بەکالۆریۆسی شەریعەت و ئادابی بە پلەی (زۆر باش) تیا وەرگرتووە و لە زانکۆی ئەزهەر وەرگیراوە بۆ خوێندنی پلەی ماجستێر، بەڵام نەیتوانیوە بڕوا.

* لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٥دا لە بەشی کوردیی ڕۆژنامەی (تەئاخی) و (عێراق) کاری کردووە.

* بەرهەمە لە چاپدراوەکانی ئەمانەن: دیوانی نالی، دیوانی فەقێ قادری

هەمەوەند، شەرح و لێکدانەوەی عەقیدەی مەرزیەی مەولەوی (بە هاوکاری لەگەڵ باوکی)، بەشداری لە وەرگێڕانی چەند کتێبی قوتابخانەدا، کۆمەڵێ وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا ، گەشتی بیارە. شەترەنج باز، نووسینی: ستیڤان زفایج (وەری گێڕاوەتە سەر کوردی)•

* دوای خانەنشین بوونی، لەگەڵ نەخۆشیشدا، بەنووسین و لێکۆڵینەوەوە خەریك بووە.

* لە **١٦-٥-١٩٩١دا** بە دەردی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

* دوو کوڕ و دوو کچی لەپاش بەجێ ماوە.